## چاودێری

– گرنگی چاودێری لەبواری وەرزش دا

چاودێری یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارگێڕی، سەبارەت بە بڕیاری پێی وایە بۆ دڵنیابوون لە ئامانجەکان کە بڕیاری لەسەر درابوو پێویستی بەبوونی چاودێری هەیە کە کێشەکان دیاری بکات و چارەسەریان بکات.

چاودێری وەك کار یەکێکە لە کارەکانی کارگێڕی کە پێوەرە بۆ چاککردنەوەی کاری کارمەندان بەمەبەستی دڵنیابوون لە ئامانجەکانی دەزگاو پلانەکان ئایا جێ بەجێکراون یان نا.

چاودێری لەبواری وەرزشیدا یەکێکە لە چالاکیە گرنگەکان کە لەلایەن ڕاهێنەران و کارگێڕان یان یاریزانان کاری پێدەکرێت بۆ دڵنیابوون لە ئاستی بەرەوپێش وەچوون و دەسکەوتەکان هەریەك لەبواری خۆیدا، چاودێری بازنەیەکی گرنگە لە تەواوکردنی بازنەکانی پرۆژەی ڕاهێنان لەسەرجەم قۆناغەکاندا.

## شێوازەکانی چاودێری

چاودێری شێوازی جۆراوجۆری هەیە لەوانە:

**١– ڕاپۆرتەکان:**

شێوازێکی گرنگە بۆ تۆمارکردنی کاری کارگێڕی، دەتوانی وێنەیەکی ڕوون و ڕاستەقینە بدات بۆ کارەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکان "ئەرکەکان" لەجۆرو ژمارە لەگەڵ دیاریکردنی لێپرسراوەیتی لە هەموو کارە نەگەتیڤەکان کە ڕوودەدات و ڕێنمایی و پێشنیار بۆچارەسەرکردنیان.

**٢– پشکنین:**

واتە دڵنیابوون لە کارەکان کە تایبەتن بە کارگێڕی لەکاتی جێبەجێ کردن لە شوێنی کارەکان بۆ زانینی چۆنیەتی کارکردن و ئاستی جێبەجێکردن و دیارکردنی لایەنە نەگەتیڤەکان بۆ چارەسەرکردنیان، پشکنین لەوانە بەشێوەیەکی خولا دەبێت یان بەشێوەیەکی کت و پڕ بێت، لەوانە پشکنین گشتی بێت یان بەش بەش بێت.

**٣– تێبینی:**

مەبەست لە تێبینیەکانی کارمەندان و ڕێگاکانی کارگێری کارو ئەنجامەکانی و تێبینی شێوازی بەهێزو کاریگەر لەسەر شێوازی کارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، تێبینی کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی

کارکردن ئەگەر بتوانێت هەڵەکان دەست نیشان بکـات لـەکاتی جێبـەجێکردنی بەرنامەکـەو چارەسـەری پێویستی بۆ دانرا.

**٤- سکاڵا:**

یەکێکە لە شێوازەکانی چاودێری بۆ جولاندنەوەی دەزگای کارگێری، دەکریٚ راستەوخۆ پـێش کـەش بە بەرێوەبەر یان بۆ نوسینگەکانی سکالاّ بۆ دیراسەت کردنـی و دانـانی رێگاچـارە بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە تەگەرەکان و کێشەکان.

## چاودێری و بەدوادچوون

لەرووی زمانەوە لەیەك نزیکن، شافیعی پێناسەی دەکات: بەدواداچوونی کارەکانـە و زانـینی ئەگـەرەو کێـشەکانە کـە رووبـەرووی کەسـێك دەبێتـەوە لـەکار و لـەکاتی دانـانی پـلان دەسـت پێـدەکات و لەچارەسەرکردنی کێشەکان کۆتایی دێت.

**هنری فایول دەڵێ:**- چاودێری واتە دڵنیابوون لەوەی کە کارەکان بەپێی پلان و رێنماییـەکان و بنـەما دیاریکراوەکان بەرێوەدەچن، ئامانجیش دیارکردنی خاڵە لاوەزەکان و هەڵەکانە بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی و رێگەگرتن لەدووبارە بوونەوەی، لەگەڵ هەموو لایەك جێبەجێ دەکرێت، تومەکان، خەڵك، کارەکان.

بەشێك لە لێکۆلەرەکان پێیان وایە کە چاودێری دوا بازنەیە لە زنجیرەی کارەکانی کارگێری کە بـریتی یە لە هەڵسوکەوتی تایبەت بە پلانـە دانراوەکـە و وەرگـرتنی رێـو و شـوێنی پێویـست بـۆ چـاککردنەوەی هەڵەکان، هەندێکی تریش پێیان وایە کە کاری کارگێری دیکەیە کە ئەویش راست کردنەوەیە، کـە بریتیـە لەکارێکی رێزلـێنان یان هەڵسەنگاندن یان بریار لەسەر ناوەرۆکی شتەکان.